بەڕێزسەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی

بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی کوردستان نێچیرڤان بارزانی

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان عدنان مفتی

پاش سڵاو

میدیاکانی ناوخۆی کوردستان ودەرەوە وڕێکخراوەکانی کۆمەلگای مدنی و مافی مرۆڤ لەچەند ڕۆژی ڕابووردوودا هەوالی زنجیرەیەک ناڕەزایەتی جەماوەریان لە چەندین شاری کوردستاندا بڵاوکردۆتەوە .

داخوازیەکانی ئەم زنجیرە ناڕەزایەتیانە وخەلکانێک کە تیا بەشداربوون شتێک نەبووە جگە لە داواکردنی کارەبا ونەوت وبەنزین وئاوی خواردنەوە وخزمەتگوزاری تر کە مەرجی سەرەتایی ژیانی مرۆڤن .

خەلکی کوردستان بەدەست زۆر گیروگرفت وکەم وکوڕی ترەوە ئەنالێنن ودوای چەندین سال ، بارودۆخیان نەک باشتر بەلکوو بەرەو خراپتر چووە . تا ئێستا هەول وبەرنامەیەکی جیددی لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە بۆ چاری ئەو بارە ناهەموارەی خەلک لەئارادانیە .

بەڵام سەیر لەوەدایە کە لەجیاتی وەڵامدانەوە بەو سادەترین داخوازیانە ، خەلک کەوتوونەتە بەر پەلاماری دەزگاکانی پۆلیس وئاسایش و لە چەند هەفتەی ڕابووردوودا چەندین کەس بریندارکراون وهاووڵاتیەک کوژراوە ونزیکەی 200 کەس گیراون بە ( تاوانی ) بەشداری کردن لەمانگرتن وخۆپیشاندان کە ئەو مافە مەگەر لەژێردەسەڵاتی ڕژێمی وەکوو بەعسی گۆڕبەگۆڕ لەعێراق یا تالەبانی ئەفغانستان یا ڕژێمی وەکوو ئێرانی ئاخووندەکان وسوریای بەعسیەکاندا بەتاوان لەقەلەم درابێت .

بەڕێزان

ئێمە ئاگادارین کە لەگرتنی ئەوخەلکەدا هیچ پرۆسەیەکی یاسایی وقەزائی پەیڕەونەکراوە . هیچ کەس لەگیراوەکان بەفەرمانی قەزایی ڕەسمی ودادوەر نەگیراون . کەسی زۆری ژێر 18 ساڵان لەناو گیراوەکاندا هەن . لەمانگرتنەکان وخۆپیشاندانەکاندا وبەپێچەوانەی یاسا ڕەسمی خەلک گیراوە ولەشەوانی درەنگدا ئاسایش هەلدەکووتنە سەرماڵان . زۆر کەس لەگیراوەکان تەنانەت پێش مانگرتن یا دوای مانگرتن گیراون واتە نیەت کراوە بە بەلگە بۆ بەشداریان وئەوەش ئەو قسانە ڕەتدەکاتەوە کە بە پێ ی یاسا مامەلە لەگەل ئەم مەلەفەدا ئەکرێ یا ئەوەی کە خەلک بەبیانووی ئاژاوەگێڕی یا بەردباران کردنی دام ودەزگا وشوێنە گشتیەکان گیرابن بەلکوو دەری ئەخات کە ئەوانە تەنها لەسەر ئەوە گیراون کە داوای مافێکی سادەی وەکوو ئاو و کارەبا وشتی لەو جۆرەیان کردووە وئەوە دەلیلی ڕاستەقینەی ( تاوانەکانیانە ) .

ئێستاش لە دەربەندیخان ، کەلار ، کفری ، چەمچەمال ، سلێمانی ، زەڕایەن وزۆر شوێنی تر هێزەکانی ئاسایش بە لیستی لەوەو پێش ئامادەوە هەلئەکوتنە سەرماڵان بۆ گرتنی ئەوانەی لەترسی گرتن خۆیان شاردۆتەوە .

زیاتر لە 110 کەس لە پارێزەرانی شاری شلێمانی دوای مەحکووم کردنی ئەو ڕەشبگیریە وئازادنەکردنی گیراوەکان وناکۆکی ئەم هێرشانە لەگەل هەموو عورفێکی یاسایی وبەتایبەت گرتنی هاوڕێیەکی پارێزەریان جگە لە کۆکردنەوەی تۆماری ئیمزا لەوبارەوە ، مانیان لە کار گرت . زۆربەی میدیاکان وڕێکخراوەکانی کۆمەلگای مدنی ئەم هێرشانەیان مەحکووم کردووە . لەناو جالیەکانی کورد لە دەرەوە ناڕەزایەتی فراوان پەیدا بووە لەسەر ئەم کارانە وبۆ دەربەست بوون بۆ ماف وژیانی خەلکی کوردستان .

ئێمە لەو چوارچێوەیەدا ولە کۆبوونەوەیەکی گشتی لە شاری سدنی – ئوستراليا کۆمیتەیەکمان پێکهێناوە بۆ داکۆکیکردن لە داخوازیە ڕەواکانی خەلکی کوردستان . بۆ ئەو مەبەستەش پەیوەندی بە ناوەندی ڕەسمی و میللی وپەرلەمانی فیدرال وویلایەتەکانەوە ئەکەین بۆ دیفاع لە داخوازیەکانی جەماوەری کوردستان .

بەڕێزان مەبەستی سەرەکی ئێمە لە ناردنی ئەم یاداشتنامەیە خستنەڕووی چەند داواکاری دەسبەجێ بوو :

1 / بەردانی هەموو ئەو کەسانەی کە بەبیانووی یا بەهۆی بەشداری کردن لە خۆپیشاندان یا مانگرتن یا کۆبوونەوە یا نووسین لەسەریان یا هەر چالاکیەکی تری لەوبابەتانە لە سەرەتای مانگی ئابەوە لە کوردستان دەسگیرکراون، ئەگەر تائیستا 33 کەس بە " کەفالەت" وەک ئەوی ئەمگیراوانە تاوانباربن .؟ لە شاری سلێمانی ئازادکراوان ، بەلام ئێمە ئاگادارین نزیکەی 150 کەسیتر لە شارەکانی کەلار و کفری و دەربەندیخان و چەمچمال هیشتا گیراون .

2 / دانانی چارەسەرێک بۆ قەیرانی کارەبا وئاو وسووتەمەنی وگرانی بازاڕ ، چارێک کە پێش هەر شتێک توانای ئابووری وهەژاری زۆربەی خەلکی کوردستان لەبەرچاوبگرێت .

3 / ئێمە وزۆربەی خەلکی خەباتگێڕی کوردستان پێمان وایە کاتی ئەوە هاتووە دیاردەی تەقەکردن لەخۆپیشاندانی ئارام ومدنی وڕاپێچکردنی خەلک بۆ زیندان لەسەر ئازادی بیروباوەڕ ودەربرین وهەموو ئازادیە مدنی وسیاسیەکان بەیاسا قەدەغە بکرێ وبەکردەوە پەیڕەوی لێ بکرێت و وەکو تاوانی جینائی لەقەلەم بدرێت .

بەڕێزان

مەبەستی ئێمە لەنووسینی ئەم یاداشتنامەیە وەکوو شێوەیەکی شارستانی بۆ دەربڕینی بیرورا تەنها بەدەربەستن هاتنە بۆ مافەکانی خەلکێک کە تال وسوێری زیندان وڕاونان وقوربانیمان لەگەلیان چەشتووە وویژدانمان ڕێگەمان نادات کە بێدەنگ بین لەبەرانبەر بێبەشکردنیان لەو مافە سەرەتاییانە کە بە پێ ی یاسا نێودەولەتیەکانیش وەکوو ئەلف وبێ ی مافی مرۆڤن .

لەگەل ڕێزماندا.

دەستەی داکۆکیکردن لە داخوازیەکانی جەماوەری کوردستان ــ ئوستراليا .

Ahmad0@optusnet.com.au
Jalalm84@hotmail.com

وێنەیەکی بۆ:

1. نوسینگەی سەرەک وزیرانی ئۆستراليا بەرێز جون هاوۆد
2 . نوسینگەی سەرۆکی ئۆپۆزیسیونی فیدرالی ئۆستراليا بەرێز کیم بیزلی
3 . بەرێز کوفی عەنان سکرتیری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە رێگەی نوسینگەی نەتەوە یەگگرتوکان لە سیدنی.
4. نوسینگەی ئەمنیستی ئینتەرناشنال لە سیدنی
5. حیزبە سیاسیەکانی ئۆستراليا.
6. گشت حیزب و لایەنە سیاسیە ئێراقو کوردوستانیەکان .
7 بالوێزخانەی ئێراقی لە کانبرا
8 نوسینگەی سوشیال انترناشنال لە سیدنی
9 ریکخراوی عەفوی جیهانی لە سیدنی .